# پۆست کوفر

## لە نێوان زەمانی هەڕەشەی تورک و بێئەخلاقی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا

ئیبراهیم مەلازادە

لە یەکەم سات و کاتی سەرهەڵدانی دوا هەڕەشەوگورەشەی ڕژێمی توركدا، زیاتر لە چەندجار دەستم داوەتە قەڵەم و هەوڵی نوسینی بابەتێکم داوە، بەڵام بێسنووری بێئەخلاقی دەوڵەتی تورك و خۆ گێلکردن و خۆدوورگرتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ئێشوئازار و مافەبنەڕەتیەکانی خەڵکی کوردستان، وای لێکردووم هەرچی نوسین هەیە بە بێهودەی بزانم و لێی سارد ببمەوە.
تا هەنووکە دەیان بابەتی هەمەجۆرم سەبارەت بەو کێشەیە خوێندۆتەوە، دەیان ڕاگەیاندنی بەرپرس و شارەزا و ڕۆژنامەنوسم بیستووە، بەڵام هیچیان زەڕڕەیەك کاریگەریان لەسەر ئەو عەقڵە پوچەی ڕژێمی تورکیا نیە و ناشبێ. ئەوان هەر سوورن لەسەر ئینکارکردنی کورد و سووریشن لەسەر بەدەست هێنانی هەرچی زۆرتری دەسکەوتە لەو ململانێیەدا.
ئاخر چۆن کافر نەبین بەو دیموکراسیەتەی کە لە تروپکی ڕێکخراوێکی وەکو نەتەوە یەککرتووەکاندا شۆڕ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا و تا هەموو ئەو وڵاتانەش کە لافوگەزافی دیموکراسیەت لێدەدەن، بە تورکیاشەوە، بەڵام نەتەوەیەکی 40 ملیۆنی لەو نێوانەدا بایی یەك ئەڵقەی بازنەیی شوێنی نەبێتەوە لە هزر و فیکری ئەو دیموکراتی پەرستانەدا.
ئاخر چۆن کافر نەبین بەو عەدالەت و یەکسانیەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زورنای بۆ دەژەنێ و بە سەدان و هەزاران یاسای هەمەجۆری بۆ ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەکان و مافی تاکە کەس بۆ دەهۆنرێتەوە، بەڵام تا هەنووکەش کۆمەڵگای کوردی لەو عەدالەتە بێبەشە و لەو یەکسانیە بەدەرە و بەبەرچاوی هەموو دونیا بنەڕەتترین مافی زەوت دەکرێ و هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ. مەگەر ئەو هەڕەشانە لە یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکاندا تاوان نین و ئاسەواری خراپی نابن؟!

ڕژێمی تورك لە ئاستێکی هێندە نزم دایە لە بێئەخلاقی و شەڕانگێزی، هەر کەسێك لۆژیکانە بیربکاتەوە هەست بەو نزمی و گلاویە دەکات، بەڵام نە کەسێك و نە ڕژێمێك و نە ڕێکخراوێك ئامادەیە خۆی پیاوخراپ بکات و بەرگری لە دادوەریەکی ڕاستەقینە بکات.

لە لایەکی تریشەوە زۆرینەی مرۆڤی کورد و بە دەسەڵاتی کوردیشەوە هێندە سادە و بێخەم و بە ڕواڵەتەوە خەریکن، وەختە بەردیش لە ئاستیدا بێتە گفتوگۆ و سەرکۆنەی بکات. ئاخر وێنای مرۆڤی کورد لە یادەوەری تورك و عەرەب و فارس و ئەوروپی و هەتادوایی خەڵکی ئەو سەرزەویە، وێنەیەکی شێواو و هەڵگلۆفاو و خێڵەکی و دواکەوتووە، تا هەنووکەش نەتوانراوە ئەم وێنەیە بخرێتە ئاستێکی شیاو و لێوەشاوە، بخرێتە ئاستێکی ئەکتیف و بەرهەمهێنەر. تا هەنووکەش مرۆڤی کورد هەر چاوەڕێی یەکێکە پاروە نانی بۆ بخاتە دەم و پلانی بۆ دابڕێژرێ و ئەوانی دی لە جیاتی بیر بکرێتەوە.

کە کەسێك لە هەر شوێنێکی سەر ئەو زەویە قسەیەك لەسەر کورد دەکات خەنی دەبن و بڕوا بەوە دێنن کە ئیدی تەواو دۆستان زۆرن و زوڵمی لێناکرێ. لەخۆیشی ناپرسێ تا کەی لەو پانتاییەدا بوەستێ چاوەڕێی ئەوە بکات زوڵمی لێنەکرێ، مافی نەخورێ، پاروە نانیشی بۆ بخرێتە ناو دەم؟
کورد میللەتێکە بەر لەوەی زوڵمی لێبکرێت هەمیشە بەخۆی زوڵمی لەخۆی کردووە، بەخۆی وێنای خۆی

ناشیرین کردووە، بەخۆی کەلێنی داوەتە داگیرکەر بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی لەزەوی بدات.

ئاخر دوێنێی کورد لە ئەمڕۆیدا خۆی تەجەللا دەکاتەوە. دوێنێی کورد لە ئیمارەتی سۆراندا و لە کەسی میری گەورەدا (1813)، وێنایەکی ئاڵۆز و ناهەشە، میری گەورە تا بۆی کرا پەلاماری هەمووانیدا و هەمووش پەلاماری ئەویان دەدا و ڕاست و چەپ لەگەڵ میرە کوردەکانی تردا یەکتریان ڕیسوا دەکرد. سەڵتەنەی بابی عالیش لەبەر هەر هۆیەك بێ لەدوورەوە تەماشای ئەو سیناریۆ پڕ شەرمەزاریەیان دەکرد تا دەستیان کەوتە خۆ، ئینجا لە هەموو لایەکەوە ئیمارەتیان گەمارۆدا و بەفرۆفێڵ بەڵێنیان بە میردا ئەگەر وەلائی بۆ سەڵتەنەت نوێ بکاتەوە ئیمارەتەکەی دەدەنەوە. بۆیە لە عەرشەکەی دابەزی و بەرەو ئەستەمبوڵ بەڕێکەوت، بەڵام تا ئەو چرکەساتەش میر ناگەڕێتەوە و کەسێکیش نەبوو فرمێسکی بۆ بڕێژێ.

ئەمڕۆش، دوای نزیکەی 200 ساڵ میرە دیموکراتخوازەکان ناتوانن بەیەکەوە هەڵکەن، ناتوانن گوێ لەیەکتر بگرن، ناتوانن کێشەکانیان لە ماڵی خۆیان و دوور لە زمانی چەنك و دوور لە پایەتەختە پڕ لە ڕق و قینەکانی داگیرکەرانی کوردستان چارەسەر بکەن. بۆیە وێنەکەیان چەندین قاتی تر ناشیرین دەبێت و هەڕەس دێنێ. وێناکەیان لە باشترین حاڵەتدا وێنای سەرۆکی عەشیرەتە، کە ناگاتە پلەی میری میرنشینێکیش، بەو پێیەش بێ خراپتر و کەمتریشە لە وێنای میری گەورە. لە مەودای زیاتر لە 17 ساڵ حوکمڕانی و خۆ بەڕێوە بردن، لەگەڵ یەك هەڕەشەی گوورگە بۆرەکان زیقەیان لێ بڵند دەبێت و قاچیان لەیەکتر دەئاڵێن. هێشتاش، لەگەڵ هەڕەشەی دەرەکیش ناتوانن ئاسەواری شەڕی ناوخۆ بنبڕ بکەن، ناتوانن دوو وەزارەت تێکەڵ بکەنەوە.

داخستنی بارەگای پارتی چارەسەر، هەرگیز چارەسەر نیە بۆ کێشەکان لەگەڵ ڕژێمی داگیرکەری تورك. ڕژێمی تورکیا بەو هەڕەشانەی خەڵات کرا، بۆی سەلمێنرا کە تەنها زمانی هەڕەشە لەگەڵ کورد چارەسەرە. هەر ئەوانیش پەندی کوردی جێبەجێ دەکەن و بڕوایان بەوە هێناوە کە مست لە درێشە دەگەڕێتەوە. ئەمڕۆ بارەگای ئەو پارتانەی سەر بە پارتی کرێکارانن یا هاوسۆزن لەگەڵیاندا دادەخرێن، بەیانیش ئەو کەسانەی کە هاوسۆزن لەگەڵ پارتی کرێکاران دەسگیر دەکرێن و لە بەندیخانەدا قایم دەکرێن. ئەگەر چی نازانم کێ هاوسۆز نیە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەر بەشێکی داگیرکراوی وڵاتەکەی؟ هاوسۆزی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا لەبەر چاوی ڕەشی ئەو حیزبە نیە، بەڵکو لەبەر عەدالەتی ئەو کێشەیەیە کە ئەوان وەی تریش هەڵیان گرتووە. لەبەر مەزڵومیەتی ئەو میللەتەیە کە تا هەنووکەش لە مافە بنەڕەتیەکانی خۆی بێ بەشە. تا هەنوکەش مافی ئەوەی نیە شتەکان بە ناوی خۆیان بانگ بکەن. بۆیە هەموومان سیماکانی مرۆڤی کوردی بەشی باکوورمان لەبەرچاون کە چەند لە وێنەی کوردێك دوورکەوتوونەتەوە. ئاخر مرۆڤێك زمان و جلوبەرگ و تەنانەت کەلتوریشی بشێوێنرێ چی پێوە دەمێنێ؟ ڕژێمی تورك ئەو میللەتەی بە زیندووی زیندەبەچاڵ کردووە، ئەگەر هەموو تواناکان چەندین قات نەکرێنەوە، بەتایبەتیش لە حاڵەتی بەردەوامی سیاسەتی ئینکارکردنی ڕژێمی تورکدا و لە تواندنەوەی هێزە خەباتگێڕەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا، ئەوا دەرەنجامەکان بەرەو ئاقاری مەترسیدار و ئاوابوون دەڕۆن.

ئاخر بە پێی هەموو یاسا مرۆڤیەکان، مرۆڤ مافی پەنابەری هەیە کە لە وڵاتی خۆی ژیانی لەمەترسیدا بوو. نەخاسمە حیزبێك هەموو ئەندامەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەن کە بە هێزوبازووی سەرۆکی کورد و کۆمەڵێك وەزیری کورد ڕاگیراوە، بە پێی گەمە دیموکراسیەکەش مۆڵەتی یاساییان پێدراوە. لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بوون، بەڵام لەژێر سایەی سەرۆکی وڵاتی کورد و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دونیایەك دەسەڵاتی کوردیدا و لەژێر فشاری تورکە تینوەکان بەخوێنی هەمان ئەو سەرۆکانە، هاوڵاتیەکانی خۆیان شوێنیان نابێتەوە بەشداری پرۆسەی دیموکراسی بن، لەکاتێکدا مەرێکی

کەسیشیان لەئاو نەکردووە.
ئەم ناعەدالەتیە زۆر بێمانا و بێسنوورە و بەتاڵکردنەوەی دیموکراسیەت لە هەموو مانا و ناوەرۆکێکی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و پاداشتکردنی ڕژێمی گورگە بۆرەکانە، نیشانەی بێئەخلاقی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بێدەسەڵاتی و بێچارەسەری دەسەڵاتی کوردیە.
سەرانی کورد داواکراون بە جیددی بەخۆدا بچنەوە. بەر لە گرنگیدان بە دروستکردنی کۆشک و تەلاری بەرز، ئەرکی سەرشانیانە گرنگی بە مرۆڤی جەرگسووتاوی بەشخوراوی کورد بدەن، ئەو مرۆڤەی کە لە لایەن دەسەڵاتی کوردیشەوە وەکو پێویست هەوڵ نەدراوە متمانەی بەخۆی دروست بێتەوە، بەڵام هەر ئامادەشە چاوپۆشی لە هەموو هەڵەو گەندەڵیەکان بکات لە پێناو مانەوەی ئەزموونی ئەو ئازادیە نیوەچڵەی بەشی باشووری کوردستاندا. ئاخر ڕژانی خوێنی سێ لاوی چاوگەشی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا لە پێناو ئەو ئەزموونە نەبێ لە پێناو چیە؟!
ئاخر مرۆڤی کورد بە شەو و ڕۆژ لە لایەن ڕاگەیاندنی تورکەکان بریندار و ئیهانە دەکرێ، سەرکردەکانی بریندار دەکرێن. هەڕەشەی مەرگ لە هەزارانی دەکرێت. تورکەکانیش پاداشت دەکرێن و ڕێو وشوێنی پێویست بەامبەر خەباتکارانی ئازادیخوازی میللەتێك کە ملیۆنەها خەونی گەورەیان لەکۆڵی خۆ هەڵداوە و چاوەڕێی ساتە وەختی بەئاگاهاتنەوەی عەدالەتخوازان و دیموکراتخوازانی دونیا دەکەن لە پێناو وەدەستهێنانی مافە بنەڕەتیەکانیان و ژیان وەکو مرۆڤی ئاسایی ئەو دونیایە.
لێرەدا هەڵگەڕانەوە و ئاوەژووبوونەوەی ماناکان و دوورکەوتنەوەی هەوادارانی دیموکرایسیەت و عەدالەت و چی و چی، لە ناوەرۆکی دەستەواژەکان و ڕەفتاریان بە پێچەوانەی داواکانیان، هەموو سنوورەکانی کوفر و هەڵگەڕانەوەی بەزاندووە و لەبەر قوڵایی بێمانابوونی هەموو شتێك لە سیستمی ئەمڕۆی حوکمڕانی دونیادا واتای کوفریش بە شتەکان پێچەوانە بۆتەوە و ڕێك برواهێنانە بە پێچەوانەی شتەکان تا ئەو ئاستەی ئەوەی کافر نەبێ بە ئیماندار تەماشای ناکرێ. بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گەڕەلاوژێیەی کە ئەمڕۆ کورد پێیدا دەڕوا ناچار بووم وشەی پۆست کوفر بۆ هەموو ئەکتەرەکان بەکار بێنم.

* لە ژمارە 313 ی ڕۆژنامەی میدیا 2007-11-06 بلاو بۆتەوە، دوای ئەوە هەندێك دەسکاری تێدا کراوەتەوە.